مەسعود بارزانی: وڵامنەدانەوەی خۆکڕکی بەمەسئولیەت وڵامدانەوەیە وڵامنەدانەوە خۆی وڵامدانەوەیە

سەرکی پارتی، مەسعود بارزانی لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، داوا دەکەم لەم هەڵبژاردنە زۆر لەسەرخۆ بن، دوور لە توندوتیژی، دوور لە بەکارهێنانی زمانی زبر، راتانەکێشن بۆ شەڕکی لابەلا، سەنگی خۆتان و پارتەکەتان بپارێزن، زەرجار وڵامنەدانەوەی خۆکڕکی بەمەسئولیەت وڵامدانەوەیە، وڵامنەدانەوە خۆی وڵامدانەوەیە.

مەسعود بارزانی ئەمڕۆ چوارشەممە (25ـی ئەیلوولی 2024) لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتی گووتی، لەم ڕۆژە پیرۆزدا، دەموو پیرۆزبایی لە ئێوە و لە هەموو گەلی کوردستان بکەم، ئەو ڕۆژەی کە گەلی کوردستان بەیاری دا نەهەڵەت ئیرادەی بشکێت و خۆی نەچەماند، ڕۆژی 25ی ئەیلوول، لەم ڕۆژدا ئێوە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان دەستی پێکرد، پیرۆزبایی لە کاندیدە بەڕێزکان دەکەم و تەمەنای سەرکەوتنیان دەکەم و پشت بە خوای گەورە و بە هیممەتی هەموو دلسۆزانی کوردستان و بە فەرموودەی بارزانیی نەمر، هەموو کوردێکی دڵسۆز پارتییە. بە هیممەتی پارتییەکان، خەمان ئامادە دەکەین بۆ ڕۆژی 20ی ئۆکتۆبەر و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنین.

دەبێ بەواتان بێ خۆتان بێ و بۆ ئومێدێکی بەرزەوە و بۆ متمانەیێکی بەرزەوە هەنگاو بنێن و خۆتان ئامادە بکەن، دەبێ زیاتر بەواتان بۆ سەرکەوتن بێت و نابێ بیر لە شکست بکرێتەوە. دەبێ هەمیشە

هەریەکەك لە ئێوە خۆی ئامادە بکات کە دەبێ سەربکەوین و سەریش دەکەوین ئینشائاللا.

کۆس خۆری پێ نەکردووین، هەرەمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، خوێنی ئینفالکراوانە، خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکانە، رەنجی خەڵکی کوردستانە. پارتی شەرەفی ئێوەی بەرکەوتووە، خوێنەکی زۆری داوە بە بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە مەزنە و هەروەها بە پاراستنی ئەم دەستکەوتە مەزنە.

من لەرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێپایانی هاووڵاتیانی کوردستان بکەم، بە خەڵاگریان، بە پشتیوانییان بەرامبەر بەو پیلانانەی دژمنکی و بە چاوساخیی هەندەك لە ناوخۆ کە ویستیان هەرەمی کوردستان تەك بدەن، تەحەمولیان کرد، سەبری ئیوبیان هەبوو، خۆیان ڕاگرت و هەرەمەکەیان تەسلیم نەکرد، سوپاسیان دەکەم و پیرۆزباییان لێ دەکەم.

پارتی بەوای بە ئاشتیە، بەوای بە دیموکراتیە، بەوای بە پێکەوژیانە و بە کردەوە سەلماندوویەتی نەك بە قسە. ئەم مەبەستمانە و ویستمانە خەڵکی کوردستان بەختەوەر بێت و لە ژیانێکی خۆشدا بێت، ئەمە ئاواتمان خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستانە.

داوا دەکەم لەم هەڵبژاردنە زۆر لەسەرخۆ بن، دوور لە توندوتیژی، دوور لە بەکارهێنانی زمانی زبر، ڕاتانێکشن بە شێوەکی لابەلا، سەنگی خۆتان و پارتەکەتان بپارێزن. زۆرجار وەڵامدانەوەی خەڵکەکی بەمەسئولیەت وەڵامدانەوەیە، وەڵامدانەوە خۆی وەڵامدانەوەیە. ئێگەر پێویستیشی بە وەڵام بکرێت، دەبێ مەدروووس بێ و دەبێ پرس بە لۆژیکی باڵای هەڵبژاردن بکرێ. ئێگەر لە حاڵەتێکی موعەیەندا وەڵامێك پێویست بوو.

ئەرکی هەموو پارتییەکی تەنها خۆی، بەڵکوو کۆسوکاری و هەر کەسێکی کە تێئیسیری لەسەری هەبێ، بە ڕێژی 20ی مانگ هیممەت بکات، خۆی و دەوروبەری هەمووییان بێن بۆ سەر سندووقی دەنگدان و دەنگ بە لیستی 190 بدەن، لیستی پاراستنی کەرامەتی کوردستانە، لیستی پێشمەرگەیە، لیستی شەهیدانە، مەسعود بارزانی وا دەڵێت.

هەندێك دەیان بەوە خۆش کردووە و جار بە جار گومان لە دەبێ دەڵێن پارتی باباڵەنی لەناوە و پارتی چەند لایەنە، پارتی یەك حزبە و یەك بیارە، پارتی حزبی شەهیدانە، پارتی مەسئولیەتی بەرامبەر بە خوێنی شەهیدانە، پارتی وەکوو هەر حزبێك نییە کە بە کەیفی خۆی بێت. ئیلتزامانی پارتی زۆر قورسە، با کەس بەو خەیاڵەدا نەبێت، چونکە زۆر کەس خوێنی بەوە دەدیت کە پارتی یان قیاداتی ناو پارتی جیاوازییان هەبێ یان کەڵکێن دروست بکەن، بەخوا خوێنکانیان بردە ناو قەبر و ئێوانی ئێستاش هەر دەیبەنە ناو قەبر.

لێگەڕێ بەغداش خۆشبەختانە ئێستا ئینفراجێکی دروست بووە و لێگەڕێ سەرۆك وەزیران بەڕێز سوودانی تەفاهومێکی تا ئاستێکی باش هەیە و حکوومەتی هەرێم بە هەموو شێوەیەك خەریکن لێگەڕێ بەغدا چارەسەری ئێو گرفتانە بکەن و ئومێدەوارین بگەنە چارەسەر بە هەموو گیروگرفتەکان و ئێوە نەهجی ئەمنیە و پەیمان خۆش ئێو موشکیلانە هەموو چارەسەر بکرێن. لێگەڕێ دەرودراوسێش سیاسەتی ئەمە هەر ئێوەیە کە بە

حیوار و بە لەکتگەیشتن و باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەك هەبەت.

بەداخەوە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر گومان لە هەندێك لە شڤێنییەکان بوو کە دەیانگوت نابە چێك بە پێشمەرگە بدرێ و ڕەخنەیان گرتووە لەوەی کە چەند تێپێك ڕادەستی پێشمەرگە کراوە. وەڵامی من بە ئەوانە ئەمەیە: پێشمەرگە نە بە بڕیاری کەس دروست بووە و نە بە بڕیاری کەسیش تێك دەچێت. پێشمەرگە بە ئیرادەی کوردستانی پاراستووە، ئێگینا هیچ وەختێك تێکافوئ (هاوسەنگی) نەبووە لە چێکی پێشمەرگە و چێکی ناحەزان و دوژمنانی پێشمەرگە، بەڵام ئیرادەی پێشمەرگە بەهێزتر بووە. هیچ وەختێك پێشمەرگە مەترسی نییە، چونکە پێشمەرگە هێزێکی گەلایەتی و هێزێکی مونزەبیتە، بەڵام مەترسیی ئەو فیکرە شڤێنییەیە کە هەشتا ماوە، مەترسی لەسەر عێراق و لەسەر هەرێم و لەسەر ناوچەکە ئەو شڤینیەتییە کە ئێستاش ماوە، ئێگینا پێشمەرگە مەترسی نییە لەسەر کەس، پێشمەرگە تەنها بڕگریی لە کوردستان دەکات و لە کەرامەتی میللەتی کورد، پێشمەرگە پێلاماری کەس نادات.